# زمان و شێوازی شیعری دڵدار لەنێوان نالی و حاجی قادری کۆییدا

پ.ی.د. عادل ڕشید قادر:   زانکۆی سلێمانی/ کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی

پ.د. محمد امین عبدالله تاتانی:   زانکۆی سلێمانی/ کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە:

دڵدارلە شیعرە دڵدارییەکانی سەرەتای تەمەنیدا کاریگەر بووە بە نالی و لە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیشیدا شوێنپێی حاجی قادری هەڵگرتووە، لەم روانگەوە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (زمان و شێوازی شیعری دڵدار لەنێوان حاجی قادری کۆیی و نالیدا).

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی لایەنەکانی کاریگەربوونی دڵدارە بە هەر یەک لە حاجی قادری کۆیی و نالی، لەگەڵ باسکردن لەو چەند شیعرەشی کە تیایاندا لەژێر کاریگەریی حاجی و نالیدا نەماوەو بەرەو ئەوە دەچێت شێوازێکی شیعرنووسینی تایبەت بە خۆی هەبێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سێ پار پێک دێت: پاری یەکەم تایبەتە بە کاریگەربوونی دڵدار بە شێوازی حاجی قادرو خستنە رووی نموونەی شیعرەکانی کە لەژێر کاریگەریی حاجیدان، پاری دووەم تایبەتە بە کاریگەربوونی دڵدار بە زمان و شێوازی شیعری نالی و خستنە رووی نموونەی ئەو شیعرانەی، کە لەژێر کاریگەریی نالیدان. لە پاری سێیەمیشدا لە خودی ئەزموون و شێوازی دڵدار دەدوێین و نمونەی ئەو شیعرانەی وەردەگرین کە تیایاندا لەژێر کاریگەریی نالی و حاجی قادر دەرچووەو تا رادەیەک تایبەتن بە شێوازی خۆی... دواتر ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان دەخەینە ڕوو، لەگەڵ پوختەیەکی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی...

## پاری یەکەم: دڵدار و کاریگەربوون بە زمان و شێوازی شیعری نالی:

زۆر جار شاعیر، کە دەست بە شیعر نووسین دەکات، سەرەتای ئەزموونەکەی بە لاساییکردنەوەی شاعیرانی پێش خۆی دەست پێدەکات، دڵداریش لەمە بەدەر نەبووە. ئەو جۆرە شیعرەی لەپێش دڵدار هەبووە بە شیعری کلاسیکی ناسراوە، بۆیە لەم رووەوە دڵدار لە سەرەتای دەستپێکردنی تەمەنی شیعریدا بەهرە شیعریەکەی لەژێرچەمکی کلاسیکدا دەخەملێنێت و کلاسیکییانە مامەڵە لەگەڵ تاقیکردنەوەی شیعریدا دەکات، لەناو شاعیرە کلاسیکەکانیشدا زیاتر بە دوو شاعیر کاریگەر بووە، یەکەم شاعیر (نالی)یە، کە دڵدار بەشێوەیەکی تایبەتی لە شیعرە دڵدارییەکانی سەرەتایدا پێی کاریگەر بووەو لەم پارەدا باسی دەکەین، دووەم شاعیریش حاجی قادری کۆییە، کە لە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیدا پێی کاریگەر بووەو لە پاری دواتردا باسی دەکەین. دڵدار لە ژیاننامەکەیدا لەم بارەیەوە دەڵێت: "دیوانی نالیم زۆر بە وردی خوێندەوە، شیعرە جوانەکانی نالی لەگەڵ شیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادر لە مێشکمدا لەسەر زەعامەتی

ئەدەبی شەڕیان بوو... ... نالی کە بۆ دڵداری رای ئەکێشام و حاجی قادر کە بۆ نیشتمانپەروەری رای ئەکێشام ئەم دوو شا شاعیرە هەردووکیان جیا جیا تەئسیری خۆیان لە دڵم کردبوو" (علاءالدین، ١٩٨٥، ٥٠). بۆیە گەر سەیری کۆی شیعرەکانی دڵدار بکەین، بەتایبەتی شیعرە دڵدارییەکانی، دەبینین لە هەندێک شیعردا، یاخود لە هەندێک دێرە شیعردا لە ژێر کاریگەریی نالیدایەو زمان و شێوازی دارشتنی نالییان پێوە دیارە. بۆ نمونە دڵدار لە دێرە شیعرێکدا دەڵێت:

ئەنوەرە بۆ گشتی عالەم زوڵمەتی دوو زوڵفەکەت
زوڵمەتە بۆ من بە تەنها ئەنوەری روخساری تۆ (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٧٧)

واتای دێرە شیعرەکە دیارە کە باسی رەشی و تاریکیی زوڵفی یار و رۆشنی و روناکی روخساری یار دەکات. ئەم دێرەی دڵدار شێواز و سێبەری ئەو دێرە شیعرەی نالی بەسەرەوە دیارە کە دەڵێت:

لە سایەی روویی تۆوە شامی خەڵقی طەڵعەتی صوبحە

لە شامی زوڵفی تۆوە صوبحی ئێمە ظولمەتی شامە (مدرس و عبدالکریم، ١٣٨٠ هەتاوی ، ٤٧٢)

واتای دێرە شیعرەکەی نالی بەپێی لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بەم جۆرەیە: بەهۆی رووی تۆوە کە ئاراستەی خەڵکیی ئەکەی، خۆرئاوایان وەک کاتی خۆرهەڵاتنی لێ هاتووە، وا ڕۆشن بووەتەوە. بەهۆی زوڵفی رەشیشتەوە کە رووتی لێمان پێ ئەشاریتەوە، سبەینانی ئێمە بووە بە تاریکە شەو. (مدرس و عبدالکریم، ١٣٨٠ هەتاوی، ٤٧٢). ئەگەر سەیری وشە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هەردوو دێرەکەی نالی و دڵدار بکەین، دەبینین ئەم وشە وەک یەک و هاوشێوانە لای هەردووکیان هاتوون:

روخسار (لای دڵدار) – روو (لای نالی)
زوڵمەت (لای دڵدار دوو جار هاتووە) - ظولمەت (لای نالی)
تەڵعەتی صوبح (لای نالی روناکییە) – ئەنوەر (لای دڵدار دوو جار هاتووەو هەر روناکییە).

کەواتە لە ڕووی زمانی دارشتنەوە دڵدار لەژێر کاریگەریی نالیدایەو لاسایی ئەوی کردووەتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە دڵدار لە نالی قوڵتر ئەم زوڵمەتی زوڵف و روناکیی روخسارەی بەکارهێناوەو پێچەوانەی کردووەتەوە، لای نالی رووی یار بووە بە روناکی بۆ خەڵک و زوڵفە رەشەکەشی بووە بە تاریکی بۆ نالی، کەچی لای دڵدار وێنەکە تەواو پێچەوانە بووەتەوە، چونکە زوڵمەتی زوڵفی یار، کە دەبێت تاریکی پەخش بکات، بووە بە روناکی بۆ خەڵک، روناکیی روخساریشی، کە دەبێت روناکی پەخش بکات، بووە بە تاریکی بۆ دڵدار، لێرەدا گلەییەکەی دڵدار لە یار زۆر لە گلەییەکەی نالی لە یار قووڵترو کاریگەرترە، چونکە لای دڵدار تەنانەت روناکیی روخساری یارەکەی بە تەنها بۆ ئەم بووە بە تاریکی و تاریکیی زوڵفەکەشی بووە بە روناکی بۆ هەموو خەڵک، واتە زوڵف و روخساری یار لای دڵدار پێچەوانەی یاسا سروشتییەکەی خۆیان کار دەکەن. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت شێوازی ئەم دێرەو دارشتنەکەی هەم بە کاریگەری نالی بووە، هەم توانیویەتی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نالی تێپەڕێنێت و بەجۆرێکی تر سوود لە کەرەستەکانی نالی وەربگرێت و دایان بڕێژێتەوە.

هەر هاوشێوەی شێواز و واتای ئەم دێرە دڵدار لە جێیەکی تردا دەڵێت:
دڵ لە بەینی تەڵعەتی روو و زووڵفەکەی دەیجوورتە
گــــاهێ مەیلی شەو ئەکات و گاهێ مەیلی نوورتە (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٨٠)

لێرەدا جیهانی لە نێوان خۆی و یاردا نەهێشتووەو تەنها دڵی خۆی هێشتووەتەوە، کە پەیوەستە بە یارەوە، ئەم دڵەی شاعیر کاتێک زوڵفی یار دەبینێت، ئەو زوڵفە ئەوەندە، رەشە وەک تاریکی شەوی دەیجوور وایەو ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی دڵی دڵدار ئارەزووی شەو بکات. بەڵام کاتێکیش کە روناکیی ڕوو (تەڵعەتی ڕوو)ی یار دەبینێت، روخساری یارەکەی ئەوەندە رووناکە، ئارەزووی نوری یار دەکات، بەڵام هەر ئەم دێرە لە کاریگەری و شێوازی ئەو دێرە شیعرەی نالی بەدوور نییە کە دەڵێت:

لە خەوفی تەڵعەتی رۆژ هەر وەکوو شێت
بـــە ڕووزەردەی هەڵات و کەوتە کێوان (مدرس و عبدالكريم، ١٣٨٠ هەتاوی ،٣٢١)

چونکە وشەکانی (تەڵعەت ، رۆژ - کە لای دڵدار نوورە - ، راکردنی خۆر و کەوتنە کێوان، کە واتای شەو دەگەیەنێت - لای دڵدار شەوە - ) لە دێرەکەی دڵداریشدا هاتوون، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دێرەی دڵدار لە ژێر کاریگەریی هەمان فەزا و هەمان شێوازی دێرە شیعرەکەی نالیدا سەری هەڵداوەو نوسراوە.

دڵدار لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەحری عومانی سروشکم وا بەدەم گریانەوە
پڕ لە دانەی گەوهەرە هەم لەعلی وێنەی سوورتە (علاءالدين، ١٩٨٥، ١٨٠)

دڵدار لەم دێرە شیعرەدا بەتەوای لەژێر کاریگەریی نالیدایە، گەر سەیری وشەکانی (بەحری عومان، دانەی گەوهەر) بکەین لەم دێرە شیعرەی نالیدا بەرچاومان دەکەون، کە دەڵێت:

چاوی من دەم دەم دەڕێژێ ئاوی صاف و خوێنی گەش
دا بڵێن دەریای عومانە دوڕ و مەرجانی هەیە (مدرس و عبدالكريم، ١٣٨٠ هەتاوی ،٥٧٣)

لێرەدا نالی خۆی بە عاشقێکی بێ دڵ دادەنێت، کە مەیلی گریانی هەیە، بەهۆی گریانەکەوە فرمێسکی خوێنین لە چاوی دێت، فرمێسکەکانیشی ئەوەندە زۆرن بە ئەندازەی دەریای عومانن، کە لەعل و مرواری تێدایە، فرمێسکە ئاساییەکان مروارین و فرمێسکە خوێنینەکانیشی وەک لەعلن. جا گەر بگەڕێینەوە بۆ دێرە شیعرەکەی دڵدار، بە ڕوونی کاریگەربوونی دڵدار بەم دێرە شیعرەی نالی دەبینین، چونکە ئەمیش وەکو نالی فرمێسکەکانی خۆی، کە بەهۆی گریانەوە دەڕژێن، لەزۆریدا بە بەحری عومانی داناون، نالی فرمێسکەکانی خۆی بە لەعل و مەرجانی ناو دەریای عومان چواندووە، دڵداریش فرمێسکەکانی خۆی بە دانەی گەوهەر و لەعلی سوور چواندووە. کەواتە لێرەدا دڵدار بەتەواوی لە فەزای شیعرەکەی نالیدایەو هەمان کەرەستەکانی ئەوی بەکار هێناوەتەوە.

هەروەها دڵدار لە دێرێکی تردا دەڵێت:

بادەکەت پڕ ژەهری مار بێ پێم بدەی نۆشی ئەکەم
چـــونکە تەبعم هێند موتیعە بەندەیی مەیسوورتە (علاءالدين، ١٩٨٥، ١٨٠)

لەم دێرەدا دڵدار باسی سروشتی خۆی دەکات و وشەی (تەبع)ی بەکارهێناوە، بەهەمان شێوە نالیش بەرامبەر سروشتی خۆی لە چەندین دێردا وشەی (تەبع)ی بەکارهێناوە، بۆ نموونە دەڵێت:

ضابیطەی طەبعم سوارە ئیددیعای شاهیی هەیە
موحتەشەم دیوانە داوای تەختی خاقانی دەکا (مدرس و عبدالكريم، ١٣٨٠ هەتاوی، ١٠٤)

یان دەڵێت:

ئیستیطاعەو قووەتی طەبعم بە کوردی و فارسی
عارەبی، ئیظهاری چالاکی یو چەسپانی دەکا    (مدرس و عبدالکریم، ١٣٨٠ هەتاوی ،١٠٤)

ئەوەندە هەیە ئەو (طبعە)ی نالی هەیەتی و لە دێرە شیعرەکانیدا باسی کردووە، باسکردنەکە لە حاڵەتی ئاڵنگاریدا بووە بەرامبەر دەرەوەی خۆی و لە دێری یەکەمدا تەبعی نالی لافی شاهی لێ دەدات، لە دێری دووەمیشدا (طەبع)ەکەی نالی هێزو توانایەکی زۆری هەیەو دەتوانێت بە کوردی و عەرەبی و فارسی شیعر بنوسێت و لەم ڕووەوە زۆر چالاکە، بەڵام باسکردنی (تەبع)ەکەی دڵدار لەشیعرەکەیدا لە حاڵەتی ئاڵنگاریدا نییە، چونکە دڵدار بەرامبەر یار وشەی تەبعی بەکارهێناوەو ئەم تەبعەی دڵدار بەرامبەر یار زۆر گوێرایەڵەو وەک بەندەیەک وایە لەبەرامبەر یاردا.

هەروەها دڵدار لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:
ســـــا ئەزانی چەن پەشێوە ئەو دڵەی بیماری من
پەی کراوی تیری غەمزەی چاوەکەی مەخموورتە    (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٨٠)

لێرەشدا هەر لەفەزای شیعرەکانی نالیدایەو وشەکانی (غەمزە، چاوی مەخموور) لای نالیش لە فەزایەکی هەمان شێوەی ئەم فەزایەدا بەکار هاتوون کاتێک دەڵێت:
لە خەو هەڵساوە، یا ئاڵۆزە چاوت؟
هەمیشە وایە، یا مەخموورە ئەمشەو؟    (مدرس و عبدالکریم، ١٣٨٠ هەتاوی ،٣٨٩)

یان دەڵێت:
بە نەشئەی سستی یو مەستیی وەها مەستوورو مەخموورە
نەزانم خــــەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە؟   (مدرس و عبدالکریم، ١٣٨٠ هەتاوی ،٥٧٧)
لە هەردوو دێرەکەی نالیدا بە جۆرێک گوزارشت لە چاوی یار کراوە، کە چاوێکی مەخموورە، بەهەمان شێوە دڵداریش لەم دێرە شیعرەیدا چاوی یاری بە مەخموور (چاوەکەی مەخموورتە) داناوە، کە دڵی ئەمی پێکاوە. کەواتە لەم وێنەی چاوە مەخموورەشدا دیسان دڵدار لەژێر کاریگەری زمان و شێوازی دەربڕینی نالیدایو هەمان کەرەستەی نالیی وەرگرتووەو دێرە شیعرەکەی خۆی پێ بونیاتناوە.

هەر لە وەسفی یاردا، دڵدار لە دێرێکی تردا دەڵێت:
ئاسمانی حوسنی روخسارت لە ئەبرۆ و چەرخی ڕوو
تای ئەبرۆت دوو هیلال و چەرخی کوڵمەت خۆرتە    (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٨٠)

ئەم دێرە شیعرەی دڵدار رێک دەمانباتەوە بۆ ئەو دێرە شیعرەی نالی، کە دەڵێت:
ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو
دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە    (مدرس و عبدالکریم، ١٣٨٠ هەتاوی ،٥٧٤)

ئەگەر سەیری وشە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی هەردوو دێرە شیعرەکەی نالی و دڵدار بکەین، دەبینین لەم وشە وەکیەک و هاوبەشانە پێک هاتوون: (ئاسمان ، حوسن، ئەبرۆ، روو، دوو هیلال) ئەم وشانە، کە پێکهێنەری سەرەکی وێنە شیعرییەکەن، لە هەردوو دێرەکەی نالی و دڵداردا هاتوون. واتە دڵدار لەم دێرەیدا لەژێر کاریگەری شێواز و داڕشتنی نالیدایەو لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەمان وێنەکەی ئەوی وەرگرتووە، تەنها ئەوەندە هەیە نالی ڕووی یار بە ماهی تابان دەچوێنێت، بەڵام دڵدار ڕووی یار بە خۆر دەچوێنێت، کە چواندنەکەی دڵدار بەهێزترە لەوەی نالی، چونکە روناکی خۆر نەک هەر لە روناکی مانگ

زیاتره، بەڵکو خۆر سەرچاوەی ئەو روناکییەیە کە مانگ هەیەتی. کەواتە ئەگەرچی دڵدار شێواز و وشەو کەرەستەکانی نالیی وەرگرتووە، بەڵام وەرگرتنەکە سەدا سەد وەک ئەوەی نالی نییەو توانیویەتی بەهرەو لێهاتوویی خۆی تێدا بخاتە کار.

لە جێیەکی تردا، دڵدار دەڵێت:

غونچەکەی نەشکفتەیی لێوت لە باغی مەقسەدم
تا دەمی پشکوتنی دڵ بولبولی (منظور)تە (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٨٠)

ئەم دێرە شیعرەی دڵدار، کە تیایدا لێوی یاری بە "غونچەی نەشکەفتە" چواندووە، سێبەر و فەزاو شێوازی ئەو دێرە شیعرانەی نالیی پێوە دیارە، کە تیایاندا نالی لێوی یاری بە غونچەی نەپشکوتوو چواندووە، بۆ نمونە نالی دەڵێت:

دەم هـەمـدەمـی غــــونچێکە نەپشکوتووە هێشتا
با کەشفی نەکرد بەرگی عەطرپۆشی گوڵی ڕووت (مدرس و عبدالكريم، ١٣٨٠ هەتاوی، ١٥٢)

لەم دێرەی نالیشدا دەم و لێوی یار بە غونچەی نەپشکووتو چوێنراون و دێرەکەی دڵدار لەژێر کاریگەریی ئەم دێرە شیعرەی نالیدایەو هەمان فەزاو شێوازی نالی بەکارهێناوە تیایدا.

دڵدار لە شیعری (سزاواری)دا، دیسان هەر لەژێر کاریگەریی شێواز و دارشتنی نالیدایەو شێوازی گشتیی شیعرەکە لە شێوازی شیعرەکانی نالی دەچێت، بە تایبەتی ئەو دێرە شیعرەی دڵدار، کە تیایدا دەڵێت:

رەقیب و مودەعیش ئێستا بە لاما دێن بە گاڵتەو گەپ
بـــــــــــزانم تا بە زاری فیتنەجۆیی وا نەجوراوم ( علاءالدین، ١٩٨٥، )

دڵدار لەم دێرەدا تەواو کاریگەرە بەو دێرەی نالی، کە دەڵێت:

رەقیب و موددەعی فیتنەو عەلاقەی چاوی جادووتن
لە گۆشەی گۆشەوارت نائیبی هارووت و ماروتن (مدرس و عبدالكريم، ١٣٨٠ هەتاوی ،٣٢٦)

لە شیعرەکەی نالیدا رەقیب و مودەعی بەرچاوی یاریان گرتووەو ناهێڵن نالی ببینێت، دڵدار هەردوو وشەی رەقیب و مودەعیی وەرگرتووەو بەکاری هێناونەتەوە، لێرەدا لای دڵدار رەقیب و مودەعی بە گاڵتەو گەپ بەلای دڵداردا دەڕۆن، واتە دڵیان خۆشەو بوونەتە هۆی ئەوەی یار لە دڵدار دوور بخەنەوە، چونکە فیتنەجۆییان کردووەو یار دڵداری نەویستووەو فڕێی داوەتە بەردەمی سەگ. گاڵتەکردنەکەشیان بەجۆرێکە پێشتر دڵدار بەو جۆرە ئازار نەدراوە. کەواتە هەم لای نالی و هەم لای دڵداریش رەقیب و موددەعی کەوتوونەتە نێوان شاعیر و یارەوە. جگە لەمە لە دێرەکەی دڵداردا وشەی "فیتنەجۆیی" بەکار هاتووە، کە هەر لە فەرهەنگی وشەکانی شیعری نالی وەرگیراوە. تەنانەت کێشی شیعرەکەش هەمان کێشی ئەو شیعرەی نالییە، کە دڵدار کاریگەر بووە پێی و هەزەجی هەشتیی تەواوە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن X ٢)

لە شیعری (ئەی بادی شەماڵ)دا (علاءالدین، ١٩٨٥، ٢٠١- ٢٠٢) دڵدار لە ژێر کاریگەریی ئەو شیعرەی نالیدایە، کە لە شامەوە بۆ سالمی ناردووەو (بادی خۆش مرور) دەکات بە پۆستەچی و شیعرەکەی پیا دەنێرێت بۆ سالم، دڵداریش (بادی شەماڵ) دەکات بە پۆستەچی و شیعرێکی پیا دەنێرێت بۆ دولبەر. شیعرەکەی نالی بەم دێرە دەست پێ دەکات، کە دەڵێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور (مدرس و عبدالكريم، ١٣٨٠ هەتاوی، ١٧٤)

لێرەدا نالی (بادی خۆش مروور) بە پەیک یاخود نامەبەرێکی شارەزا دادەنێت و نامەکەی خۆی پیا دەنێرێت بۆ سالم، دڵداریش شیعرەکەی خۆی بەم دێرە دەست پێ دەکات، کە دەڵێت:

ئەی بادی شەماڵ، ئەی بادی شەماڵ
پۆستەی هەوایی دڵەی پڕ زوخاڵ
دەستم دامەنت ئەچی بۆ کوێندەر
ناچی بۆ کۆیی مەئوایی دولبەر (علاءالدين، ١٩٨٥، ٢٠٠)

لێرەشدا دڵدار (بادی شەماڵ) واتە بای شەماڵ دەکات بە پۆستەچی و نامەکەی خۆی پیا دەنێرێت بۆ دولبەرەکەی، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی "ئەی بادی شەماڵ" لە دێری یەکەمدا کاریگەربوونە بە شێوازی شیعری دیالێکتی گۆرانی، چونکە لەو دیالێکتەدا ئەم شێوازی دووبارەکردنەوەیە لە دێری یەکەمی شیعردا زۆر بەکار دێت.

ئەم شیعرەی دڵدار و ئەو دێرە شیعرانەی پێشتریش باس کران و تیایاندا کاریگەرە بە زمان و شێوازی دارشتنی نالی و لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەر لە فەزاو واتای شیعرەکانی نالی نزیکن، ئەم شیعرانەی دڵدار دەچنە ناو چوارچێوەی شیعری دڵدارییەوەو لەو جۆرە شیعرە دڵدارییانەیەتی، کە تیایاندا کاریگەرە بە شیعرە دڵدارییەکانی نالی. لەم جۆرە شیعرەدا لای نالی و شاعیرە کلاسیکییەکانی تر دولبەر ئەوەندەی کەسێکی خەیاڵییەو تەنها لە ئەندێشەو خەیاڵی شاعیردا بوونی هەیە، ئەوەندە کەسێکی واقیعی نییە، لەم جۆرە شیعرە دڵدارییانەی دڵداریشدا، کە تیایاندا لە ژێر کاریگەریی نالیدایە، دولبەرەکەی بەهەمانشێوەی دولبەرەکەی نالی، کەسێکی خەیاڵییەو لە واقیعدا بوونی نییە، ئەمەش لەو دێرەیدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

هەروا تێ ئەگا جەژنی ویساڵە
نازانێ "تۆ" نیت وێنەی خەیاڵە (علاءالدين، ١٩٨٥، ٢٠١)

واتە یارەکەی تەنها وێنەیەکی دروستکراوی خەیاڵی شاعیرەو کەسێکی واقیعی نییە، بەهەمان شێوە لە شیعرەکانی نالی و زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکانی تریشدا، یار ئەوەندەی کەسێکی خەیاڵیی ناو ئەندێشەو خەیاڵی شاعیرە، ئەوەندە کەسێکی واقیعی نییە. لەم ڕووەوە دڵدار لەو شیعرە دڵدارییانەیدا، کە لاساییکردنەوەی شیعرە دڵدارییەکانی نالین و ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکی تایبەتی ژیانی سۆزداریی خۆی نین، هەم زمان و شێوازی دارشتنەکەی لە نالی دەچێت، هەم لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە لە هەمان فەزای شیعرەکانی نالیدایە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نییە دەقاو دەق هەمان شتی نالیی دووبارە کردووەتەوە، بەڵکو توانیویەتی داهێنانی تیادا بکات.

## پاری دووەم: دڵدار و کاریگەربوون بە شێوازو ناوەڕۆکی شیعری حاجی قادری کۆیی:

بەشێکی بەرچاوی شیعرەکانی دڵدار شیعری سیاسی و نیشتمانپەروەرین و "ناوەڕۆکی سیاسی و نیشتمانپەروەری وەک چەمکێکی فراوان وە نەبێ لە ساڵانی بیستەکاندا شتێکی تازە بووبێت، بەڵکو ئەگەر بە مێژوودا بچینەوە، شیعری چەندین شاعیر دەبینین کە ئەم جۆرە بابەتانە پێکهاتەی ناوەڕۆکیان بن، وەک هەندێ لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی، سالم، حاجی قادر..." (باڵەکی، ٢٠٠٥، ١٦٠). کەواتە پێش دڵداریش، ئەم بابەتە شیعرییانە لای شاعیرانی تریش هەبوون، بەڵام لەناو ئەو شاعیرانەی پێش دڵدار ئەم

بابەتە شیعرییانەیان نوسیوە، حاجی قادری کۆیی لە هەموویان دیارترەو زۆرترین شیعری لەم بابەتەی هەیەو ئەمەش بۆ ئەو سەردەمەی خۆی گۆڕان و تازەکردنەوە بووە لە ناوەڕۆکی شیعردا. لەم جۆرە شیعرەدا "شاعیران رۆڵەکانی میللەتیان هانداوە کە کارێک بکەن نەتەوە لە دواکەوتوویی رزگار بکەن، ئەم رێبازە کۆنە، بەشێوەیەکی میللییانە لەوانەیە حاجی قادری کۆیی (١٨١٦ – ١٨٩٧) داهێنەری بێ" (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٥٤١). دڵداریش لە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیدا هەمان رێچکەی حاجی قادری گرتووەو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەتەواوی لەژێر کاریگەریی شێوازی بیرکردنەوەی حاجی قادردایەو هەوڵ دەدەین لەم ڕووەوە کاریگەربوونی دڵدار بە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی حاجی روون بکەینەوە.

حاجی قادر باسی سەید و شێخ دەکات لەو دۆخەدا، کە ریابازییەکەیان دەردەکەوێت، ئیتر دەبنە ئاگر و پووش و نەوت و دەسوتێن. ئەوەتە دەڵێت:

سـەیـدو شێخەکـــان لـە ترسی ئەوان
مـونــزەوی بــــوون و ذاکیری رەحمان
ئەو کە فەوتان ڕیای ئەوان دەرکەوت
سەیری چۆن بوونە <u>پووش و ئاگرو نەوت</u> (میران و شارەزا، ١٩٨٦، ١٠١)

دڵداریش بە کاریگەریی حاجی، سودی لەم بابەتی ئاگر و نەوتە بینیوەو وەریگرتووەو لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون، بەڵام بەکارهێنانەکەی بەهەمان شێوەی حاجی نییە، کە یەکنەبوونی کورد و ریابازیی شێخ و سەید بە ئاگر و نەوت دەچوێنێت، بەڵکو ئەم لە تاو دەرنەکەوتنی ئەستێرەکەی، دڵی خۆی چواندووە بە ئاگر و نەوت، کە چۆن ئاگر و نەوت یەکبگرن سوتان ڕوودەدات، بەهەمان شێوە دەرنەکەوتنی ئەستێرەکەی دڵدار، بووەتە هۆی ئەوەی دڵی وەک ئاگر و نەوتی لێ بێت و بسوتێت، وەک لەم دێڕەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

چاوەکانم لێڵ و وێڵ بوون کوا؟ ستارەم دەرنەکەوت
دڵ لە تاوی دەردی گڵپەی سەند وەکو <u>ئاورو نەوت</u> (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٧٨)

لێرەدا دەکرێت بوترێت لە ڕووی وشەو زمانی داڕشتنەوە دڵداری شاعیر هەردوو وشەی (ئاگر و نەوت)ی وەک دوو کەرەستە لە حاجی قادر وەرگرتووەو لەم دێرە شیعرەیدا بەکاری هێناوەتەوە.

دڵدار لە شیعری "بۆ ئەو کەسەی"دا کاریگەریی زمان و شێوازی حاجیی بە سەرەوەیە، بە تایبەتی لەو دێڕەدا، کە دەڵێت :

پەروێز (معلا) کاتێ بچینین سا...
من بەستەی بەرجوستەو تۆ <u>نێرگزی شەهلا</u> (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٧٩)

لەم شیعرەی دڵداردا فەزای شیعری (گوتم بە بەختی خەواڵو)ی حاجی قادری کۆیی بەدی دەکەین، بەتایبەتی ئەم دێرەی دڵدار هەمان شێواز و هەندێک وشەی ئەو دێرە شیعری حاجی قادری تیایە، کە دەڵێت:

گوڕەی بەهارییە ئیستێکە شاخ و داخی وڵات
پڕە لە لالەو نەسرین و <u>نەرگسی شەهلا</u> (میران و شارەزا، ١٩٨٦، ٣١)

لێرەدا ئەگەر سەیری دێڕە شیعرەکەی حاجی قادر بکەین، کۆتایی دێڕەکە دوو وشەی (نێرگزی شەهلا)ن، بەهەمان شێوە دڵداریش هەمان ئەو دوو وشەیەی وەرگرتووەو لە کۆتایی دێڕە شیعرەکەی خۆیدا دایناون، تەنانەت لە ڕووی سەرواشەوە لە کۆی شیعرەکەیدا هەمان سەروای شیعری (گوتم بە بەختی خەواڵوو)ی حاجی قادری بەکارهێناوە، سەرواکەش تەنها پیتی بزوێنی (ا)یە، کە لە زانستی کێشناسیدا ئەمە بە سەروایەکی لاواز دادەنرێت و کاریگەربوونی دڵدار بە شێوازو شێوەی داڕشتنی شیعرەکەی حاجی وای کردووە ئەم سەروا لاوازە بەکاربهێنێت.

لە شیعری "ئەی کورد"دا (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٩١) لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەتەواوی لەژێر کاریگەریی هزر و شێوازی بیرکردنەوەو ڕوانینی حاجیدایە بۆ کورد، چۆن حاجی بیری لە سەربەخۆیی کورد دەکردەوەو دەیویست میللەت هۆشیار بکاتەوە، دڵداریش هەمان بیرکردنەوەو تێڕوانینی هەیە. هەر بۆیە کاکەی فەلاح سەبارەت بە شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی دڵدار دەڵێت: "بەلای منەوە زۆرترینی ئەم چەشنە شیعرانەی بەشێوەی هۆنراوە، واتە نظم هۆنیوەتەوە، تێکڕا شێوەی ڕاستەوخۆی خطابی و ئامۆژگاری کردن و ڕێگا پیشاندانی زەق و چاو کردنەوەیان پێوە دیارە. لەو شیعرانەدا زیاتر پەیڕەوی حاجی قادری کۆیی کردووە، کە تەنها مەبەستی دەربڕین و کارتێکردنی بیرو باوەڕەکەی بووە، بێ ئەوەی گوێ بداتە شێوەو زمانی شیعرەکان (کاکەی فەلاح، ١٩٧٨، ل١٠٢). بەهەمانشێوەی حاجی قادر ئەم جۆرە شیعرانەی دڵداریش، کە بەمەبەستی چاوکردنەوەی خەڵک و ڕێگەپیشاندنیان نوسراون، تیایاندا زیاتر گرنگی بە بیرەکان دراوەو لە ڕووی فۆڕمەوە تا ڕادەیەک سادەو ساکارن و وشەو شێوازی داڕشتنەکەیان لە ئاستێکی هونەری بەرزدا نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تیایاندا کاریگەرە بە حاجی قادر. دڵدار لە هەمان ڕوانگەو هەڵوێستەوەو بە کاریگەریی حاجی ئەم شیعرەی نوسیوەو دەڵێت:

ئەرێ ئەی کورد لەنێو گەلدا هەتا کەی مات و داماوی؟
کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێو داوی
دەسا بیرێ لە حاڵی خۆت بکەو هەستێ بە زیللەت کە
بەڵی دوێنێکە ڕاوکەر بووی و ئێستاکە بە خۆت ڕاوی
جیهانگیرانی هاوتیرەت کە دوێنێ هەر وەکو تۆ بوون
ئەوا وان پێ گەیشتوون و ئەتۆش هەر کاڵ و هەر خاوی  (علاء الدین، ١٩٨٥، ١٩١)

ئەم سێ دێرە شیعرەی دڵدار، کە بەشێکن لە شیعری ئەی کورد، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کاریگەریی شێوازی هزر و بیرکردنەوەی حاجی قادریان پێوە دیارە، چونکە حاجیش لە هەمان ڕوانگەوە سەبارەت بە کورد و خاکی کوردستان دەڵێت:

لـــــــــــە پێشا خاکی مە لانەی پڵنگ و شێری ئازا بوو
ئەمێستا مارو مێروو، گورگ و ڕێوی لێی دەکەن سەیران   (میران و شارەزا، ١٩٨٦، ٩١)

یان هەر حاجی لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

لە گوێی گا نوستوون بۆیێکە ڕێوی
لەسەر ئێوە وەها شێرگیرە وەک سەگ          (میران و شارەزا، ١٩٨٦، ٧١)

لە ڕووی واتاو ناوەڕۆکەوە سێ دێڕەکەی دڵدار و کۆی شیعرەکەش ڕەنگدانەوەی دێڕەکانی حاجی قادرن و هەردووکیان باس لەوە دەکەن کورد پێشتر نەتەوەیەکی ئازا بووە، وەک شێر ڕاوکەر بووە، بەڵام ئێستا نەک هەر ڕاوکەر نییە، بەڵکو خۆی ڕاو دەکرێت، پێشتر وەک شێر بووەو کەس نەیوێراوە بەلای خاکەکەیدا بێت و داگیری بکات، بەڵام ئێستا لانەی شێرانی کورد ڕێوی ڕاوی تیا دەکات و ئەوەی

راوەکرێت خودی کوردە. ئەمەش رەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوەو تێروانینی حاجی قادرە لە کورد، هەر سەبارەت بەم بابەتە حاجی دەڵێت:

تـــــــــــا رێک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هـــــــــــــــەروا دەبنە خراپە ئاباد
ئـــــەنـــواعی میللەل لە گەورە تا بچووک
خـەمڵـیـوە مـەمـالـیـکـی وەکـــو بووک
یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک رەنگ
بێ غەیبەت و عەیب و عار و بێ دەنگ (میران و شارەزا، ١٩٨٦، ١٩٩)

جگە لەمەی باسکرا حاجی قادر لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە زانست و خوێندن داوەو بەلای ئەوەوە زانست و چەک هاوشانی یەکترن بۆ رزگاری و ئازادبوونی گەل و پێشکەوتنی، ئەوەتە دەڵێت:

شیرو قەڵەم شەریکن لەم عەصرەدا درێغا
شیرم قەڵەمتراشەو کالانییە قەڵەمدان! (میران و شارەزا، ١٩٨٦، ٨٧)

لەژێر کاریگەریی هەمان تێروانین و شێوازی بیکردنەوەی حاجی قادرد، دڵداریش لە شیعری "ئەی لاو"دا دەڵێت:

ئەرێ ئەی لاو لە هیچ وەختێ نەکەی مەئیووسی ژینت بی
دەبـــــــــــێ هەردەم عەزمدار و دەوای دەردو برینت بی
لـــــــــــــە مەیدانی تەقەدومدا تەلاش ئەسپی نەجاتت بێ
لغاوی ئەسپەکەت (فکر) و (علم)و ئاوزینگ و زینت بێ
لـــــەنێو گەلدا ئەبێ ئیعلانی جەنگی کەی لەگەڵ جەهلا
عیلم چەک بێ لە ئەم جەنگە وەتەن جێگای کەمینت بێ (علاء الدين، ١٩٨٥،١٧٥ )

دڵدار لەم چەن دێرەدا، هاوشێوەی حاجی، باسی هزر و زانست (علم) دەکات و هانی گەنج دەدات گرنگی بەم دوو لایەنەی ژیان بدەن، هەروەها زانست بکەن بە چەک بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە لەگەڵ نەزانی (جەهل)دا بجەنگن. لای حاجی شمشێر قەڵەمتراشەو قەڵەمدانیش کالانی شمشێرەکەیە، واتە حاجی بە تەواوی (قەڵەم و شمشێر / قەڵەمدان و کالانی شمشێر)ی لێکداوەو کوردوونی بەیەک و جیاکردنەوەیان ئەستەمە، بەهان شێوە دڵداریش زانست (کە لای حاجی بە قەڵەم گوزارشتی لێکراوە) و چەک (کە لای حاجی شمشێرە)ی هێناوەو تێکەڵی یەکی کردوون و لەیەکجیاکردنەوەیان ئەستەمە، چونکە دەڵێت (عیلم چەک بێ...) واتە زانستەکە چەکی شەڕکردنە دژی نەزانی و دواکەوتن.

بەشێوەیەکی گشتی شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەکانی دڵدار لەژێر کاریگەریی حاجی قادردا نوسراون و لەبەر ئەوەی بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت نوسراون، هەم لە ڕووی داڕشتن و هەم لە ڕووی زمانی شیعرییەوە چۆن شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی حاجی لەچاو شیعرە دڵدارییەکانیدا ئاسان و سادەو ساکارن، چونکە "حاجی گرنگی زیاتری بە واتا داوە بۆیە هێندە وەکو شاعیرانی قوتابخانەی کلاسیک بە تایبەتی دامەزرێنەرانی قوتابخانەکە دەربەسی وشە رازاندنەوە و داڕشتنەکانی شیعرەکەی نەبوو... " ( قادر، ٢٠١٢، ١٥٢). شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی دڵداریش بەم جۆرە سادەو ئاسانن و لە ڕووی کێش و سەرواو هونەرەکانی تری شیعرەوە داهێنانێکی وایان تێدا نەکراوە.

## پاری سێهەم: دڵدار و شێوازی شیعرنووسینی تایبەت بە خۆی

د. مارف خەزنەدار لەبارەی دڵدارەوە دەڵێت: "شاعیر لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی کەم بوو، هەروەها ئەو جۆرە شیعرەی کە تازە پەیدا بوو بوو و بە تەواوی لە قاڵبدا نەمەیی بوو نەیتوانیوە روخسارێکی دیاریکراو دروست بکات یا وەربگرێ بۆ هەموو شیعرەکانی" (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ل٥٤٠) ئەم بۆچوونەی د. مارف لەسەر دڵدار لەو شوێنەدا لە جێی خۆیدایە، کە دەڵێت دڵدار نەیتوانیوە روخسارێکی دیاریکراو دروست بکات "یا وەربگرێ بۆ هەموو شیعرەکانی"، چونکە راستە نەیتوانیوە روخسارێکی دیاریکراو بۆ هەموو شیعرەکانی دروست بکات و لە هەندێک ئەزموونی شیعریی خۆیدا لاسایی نالی و حاجی قادری کردووەتەوە، بەڵام دواتر بەرەو ئەوە دەچێت شێواز و ئەزموونی تایبەت بە خۆی هەبێت و لەم ڕووەوە بخەملێت. لە هەندێک شیعردا، کە رەنگدانەوەی ئەزموونێکی قووڵی هەست و سۆزی دڵداریی ژیانی واقیعیی خۆی بوون، شێواز و زمانی داڕشتن و قاڵب و شێوەی شیعرەکانی جیاوازن لەو شیعرانەی تری، کە لەژێر کاریگەریی نالی و حاجیدا بووەو دەتوانین بڵێین لە چەند شیعرێکیدا توانیویەتی روخسار و قاڵبێکی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوەو بەرەو ئەوە بچێت شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. بە تایبەتی چوار شیعری هەیە، کە بریتین لە شیعری(خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور) و (زوڵف و ئەگریجەی یار) و (ئەی نازەنین)، ئەم چوار شیعرە بەتەواوی رەنگدانەوەی ئەزموون و وشێوازی خودی دڵدارن، بە تایبەتی سێ شیعری یەکەمیان لە ڕووی بونیادنانەوە زۆر لە یەک دەچن و شێوازی بونیادنانەکەیان هاوشێوەیە، قاڵب و روخسارێکی تایبەتیان هەیەو لە هەموو شیعرەکانی تری جیاوازن، هەریەکەیان دابەشی چەن بەندێک کراوە، هەر بەندێک سەرەتا بە دێری درێژ دەست پێ دەکات، دواتر دێرەکان کورت دەکرێنەوەو دەبن بە نیوەی دێرەکانی سەرەتا، پاشان لە کۆتایی بەندەکەدا دێرەکە درێژ دەکرێتەوەو لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە شێوازێکی تایبەت و جیاواز وەردەگرن و دەچنە ناو قاڵبی موەشەحەوە (سەبارەت بە موەشەح بڕوانە: گەردی، ١٩٩٩، ٢٥٨-٢٥٩) و دڵداریش زۆر گرنگیی پێ داوەو بەکاری هێناوەو بووە بە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو شیعرانەی، کە رەنگدانەوەی ئەزموونی خۆی بوون. لەم ڕوانگەوە ئێمەش هاوڕای د. مارف خەزنەدار لەو بڕوایەداین "ئەگەر مەرگی ناوەخت رێگەی بدایە جێگەیەکی تری لە ئەدەبی کوردیدا دەبوو"(خەزنەدار، ٢٠٠٥، ل٥٤٠) و دەبووە خاوەنی شێوازو ئەزموونی تایبەت بە خۆی. لێرەدا هەوڵدەدەین لەو چوار شیعرەی بدوێین، کە دەکرێت بە رەنگدانەوەی ئەزموون و شێوازی تایبەت بە دڵدار بیانژمێرین.

### شیعری "خەندەکەی بایی":

لەبەر ئەوەی دڵدار لەم چەند ئەزموونە شیعرییەیدا، کە تایبەتن بە شێوازی خۆی، تۆپۆگرافیاییەکی تایبەتی پەیڕەو کردووە، دەبێت پێش باسکردنیان، شیعرەکان وەک خۆیان بنوسینەوە بۆئەوەی تۆپۆگرافیاکەیان دیار بێت. ئەمەش شیعرەکەیە.

خەندەکەی بایی

لـــــە ئـافـاقـی ژیـانـی نـائومـێدیم خەندەکەی بایی
فـــــــــریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم
پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بـــە سۆزی هاتـە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم

دەسا دەی مەسدەری هەستی
دە خێرا لادەری پــەسـتـی
وەرە تــا مــن بـە رازی تـۆ نـەمـامی شادی بڕوێنم

*     *     *

جـوانی غونچەییَ بـوو وا کــە پـەنجەی رازی راکێشای
دە سەیری چەند بە وەسڵی زولْفی خاوت شادو مەسرووورە
لە ڕووی راستی ئەتۆش وەک ئەو گوڵێکی چیمەنی دنیای
کــەچــی تــاجــی دڵی هێشتا دڵــت لــەم حــاڵــە رەنجوورە...
بە خەندەی نەرمی دڵ پاکیت
ئەخۆم سوێندێ بە ڕووناکیت
ئــەگــەر هــەستێ بە ژین وا بێ لە جەرگی راستییا دوورە

*     *     *

هــەمووی نووری ژیانە فــەیــز و نووری ئاسمانی شین
هەموو چەپڵەی گوشادی لێ ئەدەن هەرچی کە ئەی دینی
لەسەر ئەم خاکە گەردێکین دە ئێمەش ڕوو لـە شادی بین
فــەرامــۆشی بکەین جــارێ چــەژی تــاڵاوی غەمگینی
بە دڵ ڕوونی و ڕووخۆشی
بە خەندە نەک بە خامۆشی
بـنـۆشیـن جـامی دڵداری لـەبـەرکـەیـن بـەرگی نەمرینی

*     *     *

دە هــەڵــســە بــا بینا کــەیـن مـەعبەدی پیرۆزی دڵداری
لە تیشکی ڕۆژ لە شەوقی مانگ لە ڕەنگی پەلکە زێرینە
کــە هــەر کــامــەی بڵێی پـاکـە لە کردەی قودرەتی باری
نـیـشـانــەی کــردگــارێکــەو بـنـاغـەی پـەیـڕەوی دیـنـە
لە شوێنێ پڕ لە هەستی بێ
کەرەستەی خۆشەویستی بێ
لـەنـێـو ئــەم بـاغـە بێ جێگەی کە تۆم لێ دیت لە هاوینا

*     *     *

لــە پــەلــکــی تــازە پشکوتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین
کراسێکی سپی بێ گەرد دروست کە شەنگ و دامەن شۆڕ
لــەبـەر کەو زوڵفی زێڕینیت بەسەریا بێنە خوار چین جین
پــەری تیم تیم، بــە رازو ناز، لە بۆت بێنن بنەوشەی مۆر
بە ئاواز و نەواو تەبجیل
بـهـۆنـن پێچەکەی ئیکلیل
ببەن کڕنووش بڵێن: ئەی شۆخ، پەریزادەی گزنگی خۆر

*     *     *

ئەوا ئیکلیلی دڵسۆزی و دڵارامیت ئەکەین پێشکێش

هەر چەپکەی خەم و ملکەچ سروشتی نەوجەوانیکە
نیگاریّ بوو، بە ناکامی بە گریاوی، بە ئیش و نیّش
لــە ژیـن رۆیـی ئــەویّستـاکـە هــەوێنی داستانێکە
بـــە یــادی ئــەو دڵــەی تـینـوو
کە چۆن هات و وەهاش دەرچوو
بــڕۆ نـیّـو ئـابـیـدەو سـەیری چە پیرۆز جاویدانیکە

* * *

وەرە نـیّـو ئـابـیـدەت تــا مــن لەبەر پێت دابدەم ئەژنۆ
لــەبــەرووەی نــا دالارامی لــەبــەرووەی چـونکە باڵایی
خودای شیعرو پەری هیوای بڵیسەی هەستی بەرزی تۆ
هــەواڵی هــاوڕەگ و خوێنی فریشتەی شۆخی میدیایی
لە ڕووی چاکەو وەفاداری
بــە یــادی جــامی دڵداری
لــە مــەستی خۆشی بمهێڵێ دروشمی خەندەکەی بایی (علاءالدین، ١٩٨٥، ١٩٦)

(خەندەکەی بایی) یەکێکە لەو شیعرانەی دڵدار، کە بە تەواوی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ناوەوەی خۆیەتی، ڕەنگدانەوەی ئەو ئەوینە نهێنییەی دڵیەتی، کە بەرامبەر کچێکی واقیع هەیبووە، ئەو کچەش (بەهیە فرج الله) بووە، ئەگەرچی ئەم ئەوینەی بۆ بەهیە هەر لە دڵی خۆیدا بووەو بەرامبەری دەری نەبڕیوە، بەڵام لەم شیعرەدا ئەو هەست و ئەوینەی بەرامبەر بەهیە هەی بووە، بەجوانترین شێوەو بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی دەری بڕیوە. لە ڕووی وشەو دارشتنیشەوە لە کاریگەریی شیعرە دڵدارییەکانی نالی دەرچووەو وشەکانی کوردی پەتین و ڕەنگدانەوەی ئەزموونە کەسییەکەی خۆین.

خاڵێکی گرنگی ئەم شیعرە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی ناوی شیعرەکە (خەندەکەی بایی)یە، دەستەواژەی "خەندەکەی بایی" لە یەکەم دێڕی شیعرەکەو لە کۆتا دێری دوا کۆپلەی شیعرەکەشدا هاتووە:

یەکەم دێڕی شیعرەکە: لــە ئـافـاقی ژیـانـی نـائـومـێدیم <u>خەندەکەی بایی</u>

کۆتا دێری شیعرەکە: لە مەستی خۆشی بمهێڵێ دروشمی <u>خەندەکەی بایی</u>

واتە "ناوی شیعرەکە بووە بە قافییەی نیوە دێری یەکەم و نیوە دێڕی دوایی" (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٥٥٢) شیعرەکە، ئەمەش وای کردووە ئەم دەستەواژەیە شیعرەکە بکات بە شیعرێکی بازنەیی، چونکە کۆتا دەستەواژەی دێری یەکەم و کۆتا دەستەواژەی دێری کۆتایی یەک شتن، وەک ئەوەیە شیعرەکە لە خاڵێکەوە دەستی پێ کردبێت، کە (خەندەکەی بایی)یەو لە کۆتاییشدا بە هەمان خاڵ کۆتایی بێت. بەمە سەرەتاو کۆتایی شیعرەکە یەکدەگرنەوەو وەک بازنەیەکی لێ هاتووە، کە لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات و لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە سەر هەمان خاڵ.

سەبارەت بەم شیعرەی دڵدار "کە بە حەوتینە نوسراوە، دەتوانرێت بڵێین کێشەکەی عەرووزی عەرەبییە" (ئەحمەد و مستەفا، ٢٠١٩، ل ٣٧٥) و دەریای شیعرەکەی (هەزەج)ە، دێرە درێژەکان (هەزەجی هەشتی تەواون - مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن X ٢ -)، دێرە کورتەکانیش (هەزەجی چوارین – مفاعیلن مفاعیلن X ٢)ن ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەشکرێت دێرە درێژەکان بە کێشی (١٦) بڕگەیی و دێرە

کورتەکان بە کێشی (٨) بڕگەیی خۆماڵی دابنرێن. لە ڕووی سەرواشەوە، سەرواکەی ڕەنگاو ڕەنگە، دێڕە درێژەکان سەرواکەیان لەیەک جیاوازە، بەڵام هەر یەک لە دوو دێڕە کورتەکانی هەر کۆپلەیەک سەروایان وەکو یەکەو هاوسەروان. کەواتە تۆپۆگرافیای هەر یەک لە کۆپلەکان بەم جۆرەیە:

| | |
|---|---|
| أ | ...................... |
| ب | ...................... |
| أ | ...................... |
| ب | ...................... |
| د | .......... |
| د | .......... |
| ب | ...................... |

وەک لە نەخشەکەدا روونکراوەتەوە، جگە لەوەی هەر کۆپلەیەکی شیعرەکە لەڕووی تۆپۆگرافییەوە شێوەیەکی ئەندازەیی تایبەتی هەیە، لە ڕووی سەرواشەوە داهێنانێکی جوانی تێدایەو چوار نیوەدێڕی یەکەمی هەر کۆپلەیەک سەرواکەیان بەجۆرێکە کە نیوە دێڕی یەکەم و نیوەدێڕی سێیەم سەروایان وەک یەکەو نیوەی دێڕی دووەم و چوارەمیش سەروایان وەک یەکە، پاشان دوو نیوەدێرە کورتەکە هاوسەروان و سەرواکەیان لە سەرجەم دێرەکانی تری کۆپلەکە جیاوازە، سەروای کۆتا دێڕی کۆپلەکەش دەچێتەوە سەر سەروای نیوەدیڕیێ دووەم و چوارەم. ئەمەش واتای ئەوەیە لە هۆنینەوەو دارشتنی هەر کۆپلەیەکدا "شاعیر توانیویەتی وەستایانە ئەم هەموو جەوهەرە جیاواز و رەنگ و وێنانەی کە بۆ دروستکردنی ئەم پارچە شیعرە بەکاری هێناون هارمۆنی و مۆسیقایێکی ناوەوەی نەرم و رێکوپێک دروست بکا" (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٥٥٣) و ئەمەش وای کردووە ئەم ئەزموونەی لە ڕووی زمانی نوسین و شێوازی دارِشتنی شیعرەکەو کێش و سەرواوە هەم جیاواز بێت و هەم تایبەت بێت بەخۆی و لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە شێوەیەکی تایبەتی هەبێت. هەر بۆیە کاکەی فەلاح لە بارەی ئەم شیعرەی دڵدارەوە دەڵێت: "تابلۆی گشتیی ئەم شیعرەو وێنە گەورەو بچووکەکانی و هەوێنە فەلسەفی و جوانیی و شیرین کردنی ژیانەکەی و هەناسەی کیشەکەی و دیمەنە هونەرییەکانی تری زۆر لەگەڵ بەرهەمەکانی تری ناو دیوانەکەیدا جیاوازەو تەنها (گوڵی سوور)ەکەی هاوکێش و واتایەتی و زۆرتر لە مەبەست و خواستی شاعیرەوە نزیکەو شێوەی هونەری لەم دەچێت لەو قۆناغەدا" (کاکەی فەلاح، ١٩٧٨، ١١٢-١١٣). ئەمەش واتای ئەوەیە ئەم شیعرەی دڵدار تایبەتمەندیی خۆی هەیەو جیاوازەو لەو شیعرانەی تری، کە تیایاندا لەژێر کاریگەریی نالی و حاجی قادری کۆییدایە.

## شیعری "گوڵی سوور" :

پێش ئەوەی باسی شیعرەکە بکەین، بە پێویستی دەزانین سەرجەم شیعرەکە وەربگرین و بینوسینەوە:

(گوڵی سوور)

گوڵی سوور، ئەی کچی نەورۆز، ئەریێ کام دەس لە باغی ژین
لـە بـۆ یـەک دەفعە بـۆن کـردن، بـە نـاکـامی ئـەتۆی هێنا
ئەوێستاکەش بە ژاکاوی
وەها بێ قەدر و تۆزاوی

لەسەر ڕێگا فڕێی داوی

لــە جــەورو زوڵمی ئــەو دەستە پـەریزادەی بەیان لەرزین
لە دەوری ئەم چڵەی لێی بووی پەپوولەی زەردو سوور گیا
منیش ئەی گوڵ دڵێکم بوو
دڵێکی پـڕ لـــە ئــارەزوو
بە سۆزی ئاوی حەز تینوو
لــە نــاکــاو لام فـڕی بـۆ لای کچێکــی دولــبــەر و شیرین
ئەویش ریشەی لە دەست گرت و بەبێ رەحمی لەژێر پێی نا
بــە گــریــاوی و بــریناری
بە ڕوو زەردی و غەمخواری
بــەبــێ ئــومێــد لــە دڵــداری
گەڕاوە سینەکەی تارم، ئەوێستاش ئەی گوڵی غەمگین
لە تەنهایی سەرینت بێ، دە هانێ ئەم دڵە، تو خووا !! (علاءالدين، ١٩٨٥، ١٩٥)

دەتوانین ناوەڕۆکی شیعرەکە بە ئەزموونێکی خودیی دڵدار دابنێین، کە لەسەر ڕێگەیەک گوڵێکی بینیوە بە ژاکاوی و بێ ناز فڕی دراوە، ئەو کەسەی یەکەم جار گوڵەکەی بینیوە بەلایەوە، جوان بووەو لێی کردووەتەوە، بەڵام دوایی فڕێی داوە. بینینی ئەم گوڵە ژاکاوە، دڵی خۆی بیر دەخاتەوە، کە داویەتی بە کچێک، بەڵام ئەو کچە قەدری ئەم دڵەی ئەمی نەزانیوە و وەک ئەو گوڵە ژاکاندوویەتی و فڕێی داوە. ئێستا خۆی و ئەو گوڵە وەک یەک وان، هەردووکیان بێ ناز و شکاو و غەمگینن. بۆیە دەیەوێت ئەو دڵە غەمگینەی خۆی پێشکەش بەو گوڵە ژاکاوە بکات، بۆ ئەوەی ببن بە خەمڕەوێنی یەکتر.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، مەرج نییە مەبەستی لەو گوڵە، گوڵێکی ڕاستەقینە بێت، لەوانەیە ئەو گوڵە ڕەمز بێت بۆ کچێک، کە کەسێک فریوی داوەو دواتر وازی لێ هێناوە، وەک چۆن کچێک ئەمی فریوداوەو دڵی خۆی پێداوە، کەچی دوایی ئەو کچە دڵەکەی ئەمی فڕێی داوەو ناویەتە ژێر پێی خۆی و ئەمی بریندار کردووە. ئێستا ئەم و ئەو کچە هەمان گرفتیان هەیەو هاودەردن و دەتوانن ببن بە سەرچاوەی ئارامی بۆ یەکتر و خەمی یەکتر نەهێڵن.

لەڕووی شێوەو ڕوخساریشەوە شیعرەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیەو جیاوازە لەو شیعرانەی تری دڵدار، کە لەژێر کاریگەریی نالی و حاجی قادردایە، دەتوانین بڵێین ئەم شێوازی داڕشتنەو قاڵب و ڕوخساری شیعرەکە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی خودیی دڵدارن و تایبەتن بە خۆی، چونکە وەک د. مارف خەزنەدار سەبارەت بەم شیعرە دەڵێت: " ئەم شیعرە لە ڕووی ڕوخسارەوە، بە تایبەتی کێش و قافیە بە تەواوی لە شیعری "خەندەکەی بایی" دەکا" (خەزنەدار، ٢٠٠٥، ٥٥٥). ئەمەش واتای ئەوەیە ئەم شیعرەش وەک شیعری "خەندەکەی بایی" ئەزموونێکی خودی و واقیعیی ژیانی دڵدار خۆیەتی. شیعرەکە لە ڕووی کێشەوە بەهەمان شێوەی شیعری "خەندەکەی بایی" دەکرێت وادابنرێت بە کێشی عەرووزی هۆنراوەتەوەو دەریای (هەزەج)ە، دێرە درێژەکان (هەزەجی هەشتی تەواو – مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن X ٢)ن، دێرە کورتەکانیش (هەزەجی چوارین – مفاعیلن مفاعیلن X ٢)ن. لەهەمان کاتدا دەشکرێت دێرە درێژەکان بە کێشی (١٦) بڕگەیی و دێرە کورتەکان بە کێشی (٨) بڕگەیی خۆماڵی دابنرێن. کەواتە لە ڕووی کێشەوە بە تەواوی وەک شیعری "خەندەکی بایی" وایە.

ئەم شیعرە لە ڕووی سەرواوە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و سەروایەکی ناوازەو تایبەتی هەیە، شیعرەکە لە سێ کۆپلە پێکهاتووە، کۆپلەی یەکەم و دووەم وەک یەکن، هەر یەک لەم دوو کۆپلەیە لە پێنج دێر پێکهاتوون: سەرەتای هەر یەک لە دوو کۆپلەکە بە دوو دێرە شیعری درێژ دەست پێدەکات و بە سێ نیوە دێری کورت کۆتایی دێت، سەروای دوو نیوە دێرە درێژەکەی سەرەتای کۆپلەی یەکەم (أ ب)ە. دوای ئەم دوو نیوە دێرە درێژە، سێ نیوەدێری کورت بەدوای یەکدا هاتوون و هەرسێکیان یەک سەروایان هەیە (د د د) و لێرەدا ئەم کۆپلەیە کۆتایی دێت و کۆپلەی دووەم دەست پێ دەکات، کە ئەویش لە ڕووی ژمارەی دێرەوە وەک کۆپلەی یەکەم بە دوو دێری درێژ دەست پێ دەکات، کە سەرواکەیان هاوشێوەی سەروای دوو نیوە دێرە درێژەکەی کۆپلەی یەکەمە ( أ ب)، سێ نیوە دێرە کورتەکەی کۆتایی ئەم کۆپلەیە هەم هاوسەروان ( ج ج ج) هەم سەراکەیان سەربەخۆیەو ناچێتەوە سەر سەروای نیوە دێرە کورت و درێژەکانی کۆپلەی یەکەم. وەک لەم نەخشەیەدا جوانتر ڕوون کراوەتەوە.

أ ---------------------
ب ---------------------
د ---------
د ---------
د ---------
أ ---------------------
ب ---------------------
ج ---------
ج ---------
ج ---------

کۆپلەی سێهەم، کە کۆتا کۆپلەیە پێکهاتەکەی کەمێک لە دوو کۆپلەکەی یەکەم جیاوازە، چونکە ئەمیان وەک کۆپلەکانی تر لە پێنج دێر پێک نەهاتووە، بەڵکو لە حەوت دێر پێک هاتووە، پێنج دێری سەرەتای بەهەمان شێوەی دوو کۆپلەکەی پێشووە، بەڵام لە کۆتاییدا دوو دێری درێژ هەیە، ئەم دوو دێرە درێژەش لە ڕووی سەرواوە وەک دێرە درێژەکانی ترن و هاوسەروای ئەوانن. واتە سەرجەم دێرە درێژەکانی هەر سێ کۆپلەکە لە ڕووی سەرواوە هاوسەروان، سێ دێرە کورتەکانی هەر یەک لە سێ کۆپلەکەش لە ڕووی سەرواوە سەربەخۆن و هەر سێ دێرەکەی هەر یەک لە کۆپلەکان سەروای خۆیان هەیە، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی هەمەکی سەیری شیعری (گوڵی سوور) بکەین، دەبینین نەخشەی گشتیی شیعرەکە لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە بەم شێوەیەیە:

أ ---------------------
ب ---------------------
د ---------
د ---------
د ---------
أ ---------------------
ب ---------------------
ج ---------
ج ---------
ج ---------
أ ---------------------
ب ---------------------
و ---------
و ---------
و ---------
أ ---------------------
ب ---------------------

واتە جگە لەوەی لە ڕووی سەرواوە خاوەنی ئەو جوانکاریی و هەمەرەنگییەیە، لە ڕووی ژمارەی دێرەوە شێوەیەکی داخراوی هەیە، چونکە یەکەم کۆپلە بە دوو دێری درێژ دەست پێدەکات و بە سێ دێری کورت کۆتایی دێت، کۆپلەی دووەمیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام کۆپلەی سێهەم و کۆتایی لەدوای سێ دێرە کورتەکەوە بە دوو دێری درێژ کۆتایی دێت و بە گشتی شیعرەکە شێوەیەکی داخراو وەردەگرێت.

## شیعری "زوڵف و ئەگریجەی یار" :

کۆی شیعرەکە بریتییە لە::

زوڵف و ئەگریجەی یار چەندە تەبایە
وێنەی جەمالی یار لە دڵی مندایە
شا بۆی گەدایە
گەداش فیدایە
روح بۆی نەمایە
هەر بێ وەفایە
چونکە مەشرەبی یار جەور و جەفایە

* *


سەد ماشەڵڵا یارم چەندە بەنازە
دڵـــــم دەسوتێنێ بەم چاوە بازە
گەردەنی قازە
شەهێن و بازە
بۆ رۆح دڵخوازە
بەعیشوە و نازە
لێوی پشکوتووە وەک غەنچەی تازە

* *

هەڵسە چاوەکەم یار وەعدەی جارانە
ئـــــــاسمان وەکو من ئەسیری تابانە
شایی و سەیرانە
لـــــەناو رەزانە
رووی چەندە جوانە
وێـنـەی گـــــــوڵانە
بەهارە ئەمڕۆکە جەژنی عاشقانە (علاءالدین، ١٩٨٥ ، ٢١٨)

ئەم شیعرەی سێ کۆپلەیە، زمان و شێوازی دارشتن و بونیادی شیعرەکە تایبەتە بە دڵدار و لاسایی پێوە دیار نییەو لە رووی تۆپۆگرافییەوە لە هەردوو شیعری (خەندەکەی بایی و گوڵی سوور) نزیکە، ئەگەرچی ئەو دوو شیعرەی پێشووتر لە رووی کێشەوە دەکرێت هەم بە کیشی عەرووزی بپێورێن، هەم بە کێشی خۆماڵیش، بەڵام ئەم شیعرە تەنها بە کێشی خۆماڵی دەپێورێت و تیایدا دوو جۆرە کێشی خۆماڵی جیاوازی بەکار هێناوە کە بریتین لە کێشی (١١) برگەیی و (کێشی (٥) برگەیی. هەر کۆپلەیەک لە حەوت دێڕ پێک هاتووە، دوو دێری سەرەتای هەر کۆپلەیەک درێژن و کێشەکەیان ١١ برگەییە، چوار دێری کورتی ناوەڕاستی کۆپلەکەش کورتن و کێشەکەیان پێنج برگەییە، کۆتا دێریش لە رووی کێشەوە دەچێتەوە سەر دێری یەکەم و دووەمی کۆپلەکەو ١١ برگەییە. لە رووی سەرواوە هەر کۆپلەیەک سەروای تایبەت بە خۆی هەیە و هەر حەوت دێرەکانی هەر کۆپلەیەک هاوسەروان، سەرواکەیان لە رەوییەک و پاش رەوی

پێکهاتووە، هۆنینەوەی شیعرەکە لە ڕووی تۆبۆگرافییەوە دیزاینێکی تایبەتی هەیەو وەک شیعری ئاسایی نەنوسراوە. تۆپۆگرافیای شیعرەکە زیاتر لە شیعری "خەندەکەی بایی" نزیکەو بەم جۆرەیە:



جگە لەمە، لە ڕووی وشەو دارشتنەوە شێوازەکەی بەجۆرێکە جیا لە شیعرەکانی تری دڵدار، لەم شیعرەدا بە تەواوی شێوەی ئاخاوتنی کۆیەی بەکارهێناوەو لەم ڕووەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیەو زمانەکەی رەنگدانەوەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی و کەسێتیی خۆیەتی لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیادا ژیاوە.

**شیعری "ئەی نازەنین":**

پێش ئەوەی باسی ئەم شیعرەی بکەین هاوشێوەی شیعرەکانی پێشووتر سەرجەم شیعرەکە وەک خۆی دەنوسینەوە بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە تۆپۆگرافییەکەی دیار بێت.

ئەی نازەنین، رەوای تەونجی تازە نین، خۆ تازە نین
بیستم ئەڵێی کــــــە بێ وەفام
بێ شەرم ورەنگ و ڕوو وەڵام
لـــــــــە بانێکا هەزار هەوام
بـــــەڵام ئەگەر بەم چەشنە بام
لــــەم سەنگەسارییە چۆن مام
بـــەڵێ لەلای ناحەز وەهام
بەڵام، بەڵام
ئـــەمـن گیرۆدەی داوی تۆم
گیرۆدەی زوڵفی خاوی تۆم
دەبەنگ ومەستی چاوی تۆم
مـــەلێکی باڵ شـکاوی تۆم
بـــە شێتی ناو زڕاوی تۆم
خـــودا پەرستی ناوی تۆم
ئەی یاری خۆم
کە تیشکی تۆم لە ڕوو پڕژا
گـــــولی ئومێدی پێ پژا
زوخـاوی پەستی لێ رژا

عـــالەم لە تاوا پێ هەژا
شێت بوو بە جارێ تێک قژا
هــەمانی پەندی هەڵرژا
چ هەڵرژا !!!
جا جاڕی دا کە سەرسەریم
لە ڕەوشتی چاک بێ بەریم
نـــاوی زڕانـــووە بەدفەڕیم
بێ عەقڵ ق لا ملی کەریم
دوو ڕوو و دوو پشت و زۆر وەڕیم
نیشانەی چاکەو بێ بەریم
دەربەدەریم
ئەی نازەنین، ڕەوای ئەم تازە نازە نین، خۆ تازە نین (علاءالدین، ١٩٨٥، ل١٨٦)

شیعری (ئەی نازەنین) ئەگەرچی دەچێتە ناو چوارچێوەی شیعری دڵدارییەوە، بەڵام لەم شیعرەدا ئەزموونێکی خودی هەست پێ دەکرێت، نەک لاسایی کردنەوەی شیعرە دڵدارییەکانی نالی، کە تیایاندا یار لە جیهانێکی خەیاڵیدایەو شاعیر دەستی پێی ناگات. لەم شیعرەی دڵداردا یار لە واقیعدایەو گلەیی لە دڵدار کردووە، کە بێ وەفایە بەرامبەری و دڵداریش بەرگری لە خۆی دەکات و بۆی روون دەکاتەوە، کە بێ وەفا نییە بەرامبەری. لە ڕووی روخساو و شێوازی دەرەوە، شیعرەکە بە کێشی بڕگەیی خۆماڵی هۆنراوەتەوە، دەستە بڕگەی (چواری)ی کردووە بە بناغەی داڕشتنی شیعرەکە. لە ڕووی سەرواشەوە سەروای ڕەنگاوڕەنگی بەکارهێناوەو هەر کۆپلەیەک سەروای خۆی هەیە. هەروەها بەهەمان شێوەی ئەو شیعرانەی تری، کە شێوازو ئەزموونەکەیان تایبەتە بە دڵدار خۆی، ئەمیش تۆپۆگرافیایەکی تایبەتی هەیە، ئەگەرچی تۆپۆگرافیاکەی جیاوازە لە شیعرەکانی تری، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕەنگدانەوەی ئەو لایەنەی شیعرە خودییەکانی دڵدارە، کە تۆپۆگرافیایەکی تایبەتیان هەیە. تۆبۆگرافییای گشتیی ئەم شیعرە شێوەیەکی ئەندازەیی ناوازەو جوانی هەیەو بەم جۆرەیە:

................................ أ
................ ب
................ ب
................ ب
................ ب
................ ب
................ ب
........ ب
................ جـ
................ جـ
................ جـ
................ جـ
................ جـ
................ جـ
........ جـ
................ د
................ د
................ د
................ د
................ د
................ د
........ د
................ و
................ و
................ و
................ و
................ و
................ و
........ و
................................ أ

سەرەتای شیعرەکە بە دێڕێکی درێژ دەست پێ دەکات، کە ژمارەی بڕگەکانی شانزدە بڕگەیە، دوای ئەو یەکەم دێڕە، شەش دێڕی کورت هاتوون، کە ژمارەی بڕگەکانی هەر دێڕێکیان نیوەی ژمارەی بڕگەکانی دێڕی یەکەمن، واتە ژمارەی بڕگەی هەر یەک لەو شەش دێڕە کورتە بریتییە لە هەشت بڕگە. لەدوای ئەو شەش دێڕە کورتە، تیکەیەکی کورتی لەسەرەتادا داناوە، کە ژمارەی بڕگەکانی نیوەی ژمارەی بڕگەکانی دێڕە کورتەکانی پێشەوەیەتی، واتە تەنها چوار بڕگەیە. ئەمەش واتای ئەوەیە لە ڕووی کێشەوە دەستەپێی چوار بڕگەیی کردووە بە بنەمای دارشتنی شیعرەکە. لە هەر کۆپلەیەکدا دێری یەکەم بە شانزدە بڕگە دەست پێ دەکات، شەش دێڕەکانی دوای ئەو دێڕە درێژە هەشت بڕگەیین واتە نیوەی ژمارەی بڕگەکانی دێڕی پێشووترن، تیکە کورتەکەی کۆتاییش چوار بڕگەیە، واتە ئەمیش نیوەی ژمارەی بڕگەکانی دێڕەکانی پێش خۆیەتی. ئیتر شیعرەکە بەم سیستەمە بەردەوام دەبێت تا کۆتایی، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دابەزینە پلە بە پلەیە لە ڕووی ژمارەی بڕگەوە، جوانی و ڕەنگاورەنگییەکی بە کۆپلەکانی شیعرەکە بەخشیوەو داهێنانێکی ناوازەیە. لە کۆتایی شیعرەکەشدا دیسان هەمان دێڕە شیعرەکەی سەرەتای بە کەمێک دەستکارییەوە (وشەی توانج لابراوە) نوسیوەتەوەو کۆتایی بە شیعرەکە هێناوە. واتە ئەم شیعرە سەرەتاکەی بەچ دێڕێک دەست پێ دەکات، کۆتاییەکەشی هەمان دێڕە، ئەمەش وای کردووە ئەم شیعرە بازنەیی بێت. ئەم تەکنیکی بازنەییە لە بنەمادا تەکنیکێکە تایبەت بە نوسینی ڕۆمان، کە تیایدا ڕۆماننوس سەرەتای ڕۆمانەکەی بە ڕووداوێک دەست پێ دەکات و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەگەڕێتەوە سەر هەمان ڕووداو و بەو ڕووداوەی سەرەتا، کۆتایی بە ڕۆمانەکەی دەهێنێت. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە دڵدار ئاگای لەم تەکنیکەی ڕۆمان هەبووەو لە شیعردا بەکاری هێناوە، بەڵکو نوسینی شیعر بەو جۆرە و بەو تۆپۆگرافیایە ئەزموونێکی خودی بووەو تایبەتە بە سەلیقەو شێوازی شیعرنوسینی دڵدار.

لە ڕووی سەرواشەوە، شیعرەکە سەروایەکی ڕەنگاورەنگی هەیە، لە کۆپلەکاندا جگە لە دێڕە درێژەکەی سەرەتا، کە دێڕێکی تەنهایەو و هاوتای بۆ دانەناوە، هەر کۆپلەیەک لە شەش دێڕی کورت پێک هاتووە،

دێرەکانی هەر کۆپلەیەک سەرواى تايبەت بەخۆيان هەيە، واتە سەرواى دێرەکانی هەر کۆپلەيەک وەک يەک وان و هاوسەروان، بەڵام سەرواى هەموو کۆپلەکان وەک يەک نين و جياوازن لە يەکتر. جگە لەمە تيکە کورتەکانی نێوان کۆپلەکان لە ڕووى سەرواوە بە جۆرێکن، کە سەرواکەيان دەچێتەوە سەر شەش دێرە کورتەکەی کۆپلەکەی پێشەوەيان. ئەم تۆپۆگرافياو ديزاينە ئەندازەييەی لەم شيعرەدا هەيە، جوانی و هەمەرەنگييەکی تايبەتی بە شيعرەکە بەخشيوە داهێنانێکی بێ وێنەيە.

لە کۆتاييدا دەتوانين بڵێين دڵدار ئەگەرچی لە هەندێک شيعردا لاسايی حاجی قادر و ناليی کردووەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتيشدا توانيويەتی ئەزموونێکی شيعريی تايبەت بە خۆی بنيات بنێت و شێواز و بونياتنانێکی تايبەت بەخۆی لە هۆنينەوەی شيعردا بدۆزێتەوە، وەک لە باسکردنی ئەم چەند شيعرەی پێشوودا دەرکەوت، کە تياياندا جگە لە قووڵی ناوەڕۆکەکەيان، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژيانە تايبەتەکەی خۆين، گرنگی بە لايەنی روخسار و چۆنيەتی داڕشتنی شيعرەکەو ديزاين و تۆپۆگرافيای شيعرەکان داوە و نەهاتووە وەک شاعيرەکانی پێش خۆی پابەند بێت بەو جۆرە داڕشتنەی شيعرەوە، کە هەبووە، بە تايبەتی لە ڕووی روخسارەوە، بەڵکو لای داوە لێيان و ئەمەش واتای ئەوەيە "شاعير پەيوەست نابێت بە تۆپۆگرافيايەکی دياريکراو، بەڵکو ئازادانە وشەکانی دابەشی سەر لاپەڕە دەکات و سەرەنجام شێوازێکی تايبەت بە خۆی وەردەگرێت... " (ئيبراهيم، ٢٠١٢، ل٥٦) و دڵداريش توانيويەتی ئەمە ئەنجام بدات و لەم چەند شيعرەيدا شێوازێکی تايبەت بە خۆی بونياد بنێت و ئەگەر مەرگ مەودای بدايەو تەمەنی درێژتر بووايە، بۆی هەبوو لەم ڕووەوە داهێنانی زياتر و جوانتری بکردايە.

**ئەنجام:**

١. دڵدار لەو شيعرە دڵدارييانەيدا، کە لاساييکردنەوەی شيعرە دڵدارييەکانی ناڵين و ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکی تايبەتی ژيانی سۆزداريی خۆی نين، هەم زمان و شێوازی داڕشتنەکەی لە نالی دەچێت، هەم لە ڕووی ناوەڕۆکيشەوە لە هەمان فەزای شيعرەکانی ناليدايە، بەڵام ئەمەش واتای ئەوە نييە دەقاو دەق هەمان شتی نالی دووبارە کردووەتەوە، بەڵکو توانيويەتی داهێنانی تيادا بکات.
٢. لەو شيعرە دڵدارييانەيدا، کە لەژێر کاريگەری نالی نوسيونی، يار ئەوەندەی کەسێکی خەياڵيی ناو شيعرەکانە، ئەوەندە کچێکی واقيعی نييە.
٣. دڵدار لە شيعرە نيشتمانی و نەتەوەييەکانيدا بەتەواوی لەژێر کاريگەريی شێوازی بيرکردنەوە و زمان و شێوازی شيعرە نيشتمانی و نەتەوەييەکانی حاجی قادری کۆييدايە.
٤. هاوشێوەی شيعرە نەتەوەيی و نيشتمانييەکانی حاجی قادری کۆيی، ئەم جۆرە شيعرەی دڵداريش بە زمانێکی سادەو ساکار و ئاسان نوسراون.
٥. دڵدار لە چەند شيعرێکی کەمی کۆتاييەکانی تەمەنيدا، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی عەشقێکی ناوەکيی خۆی بووە بەرامبەر بەهيە فەرەجوڵا، توانيويەتی زمان و شێوازی شيعرنووسينی تايبەت بە خۆی بدۆزێتەوەو لە کاريگەريی شيعرە دڵدارييەکانی نالی دەربچێت.
٦. ئەو چەند شيعرەی، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموون و دنيابينی خۆی بوون، تياياندا گرنگييەکی زۆری بە لايەنی تۆپۆگرافيای شيعر داوەو جياوازن لە سەرجەم شيعرەکانی تری.

## سەرچاوەكان:


١. كاكەی فەلاح، حەمە حەمەئەمین قادر، ١٩٧٨، كاروانی شیعری نوێی كوردی/بەرگی یەكەم، چاپخانەی كۆری زانیاری كورد – بەغدا.
٢. قادر، خانزاد عەلی، ٢٠١٢، زمانی شیعری حاجی قادری كۆیی و مەحوی و شێخ رەزا، ئەكادیمیای كوردی، هەولێر.
٣. میران، سەردار حەمید و شارەزا، كەریم مستەفا، ١٩٨٦، دیوانی حاجی قادری كۆیی، ئەمینداریێتی گشتی ی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی كوردستان.
٤. ئەحمەد، صافیە محەمەد و مستەفا، هێرۆ عەبدولرەحامن، ٢٠١٩، بنەماكانی شیعرییەت لە زمانی شیعری (دڵدار)دا.
٥. علاءالدین، عبدالخالق، ١٩٨٥، دڵدار شاعیری شۆڕشگێری كورد، مطابع دار آفاق عربیة للصحافة والنشر، بەغداد.
٦. گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، كێشی شیعری كلاسیكی كوردی...، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
٧. خەزنەدار، مارف ( د.)، ٢٠٠٥، مێژووی ئەدەبی كوردی - بەرگی پێنجەم - ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٨. ئیبراهیم، محەمەد عەبدولكەریم، ٢٠١٢، پێكهاتەی زمانی شیعری لە روانگەی رەخنەی ئەدەبیی نوێوە، دەزگای توێژینەوەو بڵاكردنەوەی موكریانی، هەولێر.
٩. مدرس، مەلا عبدالكریم و عبدالكریم، فاتح، ١٣٨٠ هەتاوی، دیوانی نالی، چاپخانەی رستمخانی، چاپی یەكەم.
١٠. مەحمود، هێرۆ عەبدولەتیف یونس، ٢٠٠٨، دڵدار و نوێكردنەوەی شیعری كوردی، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، كۆلیژی زمان.
١١. باڵەكی، یادگار رەسوڵ، ٢٠٠٥، سیماكانی تازەكردنەوەی شیعری كوردی ١٨٩٨-١٩٣٢، دار سپیریز للطباعة والنشر، چاپی یەكەم.



پوختە

ئەگەر بە شێوەیەكی گشتی سەیری شیعرەكانی دڵدار بكەین دەبن بە سێ بەشی سەرەكییەوە: بەشێكیان شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانی و كۆمەڵایەتییەكانن، كە تیایاندا لەژێر كاریگەریی زمان و شێوازی شیعری حاجی قادردایە. بەشێكی تریشیان شیعرە دڵدارییەكانن كە تیایاندا لەژێر كاریگەریی زمان و شێوازو شیعری نالیدایە، لە بەشی سێهەمی شیعرەكانیدا بەرەو ئەوە دەچێت زمان و شێوازی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوەو بەردەوام بێت لەسەری و لەژێر كاریگەریی نالی و حاجی قادر دەربچێت. ئەم جۆرەی سێهەمیان لە چەند شیعرێكی كۆتاییەكانی تەمەنیدا دەردەكەوێت و كورتیی تەمەن بواری نەداو نەیهێشت دڵدار بەتەواوی بخەمڵێت و وەك پێویست شێوازی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە. لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەناوی (زمان و شێوازی شیعری دڵدار لەنێوان حاجی قادری كۆیی و نالیدا) كارمان لەسەر ئەو سێ رەهەندەی شیعرەكانی دڵدار كردووە.

الملخص

هذا البحث الذي يحمل عنوان (اللغة والأسلوب الشعري لدلدار بين حاجي قادر و نالي) يلج في تفاصيل و تراكيب اشعار "دلدار". لو امعنا النظر بمنظور عام في اشعاره، لوجدنا قصائده تتوزع على ثلاثة اقسام رئيسة. قسم منها تحمل سمات قصائده القومية والوطنية والإجتماعية والتي تقع تحت مظلة أساليب وتأثيرات أشعار حاجي قادر، والقسم الثاني من اشعاره تقع في بودقة اشعار الغرام والواقعة بشكل أساس تحت تأثيرات اشعار "نالي" من حيث الأسلوب ولغة الشعر، وفي قسمه الثالث من اشعاره ينحل الشاعر من تلكم التأثيرات السابقة وتفرد بأسلوبه الخاص، وهذا لاخط الأخير من اشعاره يلوح في المراحل الأخيرة من حياته، ولكن قصر حياته لم يتركه كى تتخمل و يجد أسلوبه الخاص. في هذا البحث نخوض في غمار هذه الأبعاد الثلاث من قصائده.

Abstract

This research which intitled (the language and poetic style in “Dildar”s poems between Haji Qadeir and Nali), wich enters in details and structures of his poems, is we look in a closer look in his Poetry, we would find his poems it is divided in to three sections, a part of them specialized as a nationalism, patriotism and poems of love, which is under the influence of “Haji Qadir”s poems. The second part of his poems is under the influence of “Nali”. In third part of his poems we see the poet trying to unravel these influences, and signing in his own style, byt his short life did not allow him to continue much. Here in this research we try to pose all of these details.